# دەستوور و یاسا سالاری و دەوڵەت

دیارغەریب
Diyar_helmet@yahoo.com



دەستوور وەکو بابەتێکی گرنگ لەم دووساڵەی دواییەدا زۆر قسەو باسی لەسەر کراوە و ئێستاش قسەی لەسەر دەکرێت، دیارە ئەم گفتوگۆیانە ئەگەر چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لەخۆبگرێت، ئەوا دەرئەنجامی باشی لێ دەکەوێتەوەو ڕەنگە کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگایەکی وەها ببات کەدەستوور و یاسا تێیدا سەروەر بێت و یاسا ببێتە زمان و پێوان بۆ چارەسەری کێشەکان، بە پێچەوانەوە ئەگەر لەڕوانگەیەکی نازانستی و بەپشت بەستن بەو پاشخان و باکگراوندە دەستووری و یاساییەی کەلەکۆمەڵگاکەماندا باڵادەستە مامەڵە لەگەڵدەستوورو داڕشتنی دەستووردا بکەین ئەوا ئەستەمە بتوانین دەستوورێك داڕێژین کەلەگەڵ پێوانە دیموکراتیەکان و بەندەکانی مافی مرۆڤدا یەکبگرێتەوە. هەر بۆیە گرنگیدان بەلایەنی زانستی وئەکادیمی ودیموکراتی دەستوور ئەرکێکی سەرەکی ئەم قۆناغەیە، لێرەوە دەتوانین ببینە خاوەنی دەستوورێك کەبتوانێت مافەکانی تاکو کۆمەڵگا دەستەبەر بکات و دەزگاکانی دەسەڵات ببەستێتەوە بە یاسایەکی دیموکراتیەوە. ئەمەش بۆ خۆی هۆشیارییەکی دەستووری و یاسایی پێویستە، کاتێك باس لەهۆشیاری دەستووری و یاسایی دەکەین مەبەستمان ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا خاوەنی تێگەیەکی زانستی دیموکراتی بن بۆ دەستوور و یاسا، نەك لە ڕوانگەی بۆماوە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەیری یاسابکەن، بۆ نمونە بەشێکی زۆری گۆمەڵگا لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا پێیان وایە کە دەستوور ڕێسایەکی ئاسمانییەو لە لایەن خوداوەندەوە هاتۆتە خوارەوە هەتا لە ڕێگەیەوە پەیامبەر و جێنشینەکانی حوکمی کۆمەڵگا بکەن، ئەوانەی خاوەنی ئەم تێگەیەن لە روانگەی دەقەئاسمانیەکانەوە سەیری دەستوور و یاسا دەکەن و پێیان وایە دەبێت کۆمەڵگا لەڕێگەی ئەو دەقانەوە بەڕێوەببرێت، یاخود ئەگەر دەستوورێکی تایبەتیش هەبێت پێویستە لەم دەقانە دەرنەچێت و ماددەو بڕگەکانی هەڵقولاوی ئەم دەقانە بێت. بەدیوێکی تردا ئەوانەی خاوەنی ئەم تێگەیەن لایان وایە کەمرۆڤ مافی ئەوەی نییە بەشدار لە داڕشتنی دەستووردا بکات، دەسەڵاتدارانیش لەبەر ئەوەی نوێنەری خوداوەندن، زۆربەی کات لەکەم و کورتی بێبەرین و ناکەونە ناو چوارچێوەی یاساوە، بەواتایەکی تر ئەوان دەکەونە سەروو یاساوەو تەنیا یاسا بەسەر کۆمەڵگادا جێبەجێدەکەن. تێگەیەکی تری باو هەیە بۆ دەستوور و یاسا کە داڕشتنی دەستوور بە مافی دەسەڵات و دەسەڵاتداران دەبینێت، واتە ئەم کەسانەش پێیان وایە کە دەستوور دەبێت لەلایەن چینێکی تایبەتەوە بنووسرێتەوە، سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەرییەکان وفیرعەونیی و بابلییەکان، کەیاساکانی حامورابی وەکو نمونەی ئەم یاسایانە ماوەتەوە، ئەویاسایانەش پادشاو ئیمپراتۆرییەکانیان پیرۆزکردووە و دەستوریان کردووە بە موڵکی ئەو پادشایانە، لێرەشدا دەسەڵاتداران کەوتونەتەسەرووویاساوەو تەنیا ئەوان دەتوانن گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدەن. ئەم دوو تێگەیەی باسمان کرد لەکۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا تێگەو چەمکی زۆرینەی جەماوەرن و لەئەنجامدا هەردووکیان لە یەك خاڵدا یەکدەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگاو تاك لە مافی بەشداریکردن لە داڕشتنی دەستوور دادەبڕن و تاك لێرەوە دەبێتە بوونەوەرێکی گوێڕایەڵ و دەستووریش دەبێتە پێوەند(کۆت) بۆ تاکو کۆمەڵگا بەدەستی دەسەڵاتەوە. لەم جۆرە تێگەیشتنەدا دەسەڵات تەنیا خاوەن مافەو بەرامبەر تاکو کۆمەڵگا بەرپرسیار نییە و ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات لە بەخشندەیی خۆیەتی ومافی تاك و کۆمەڵگا نییە لێی بپرسێتەوە، بەڵکو تەنیا ئەو مافەیان هەیە کە فەرمایشت و فەرمانەکانی پادشا(سەرۆك)و دەسەڵاتداران جێبەجێبکات و سوپاسی بەخشندەییان بکات، بەواتایەکی تر کۆمەڵگاو تاك لەم تێگەیەداتەنیا ئەرکیان لەسەر شانەو خاوەن ماف نیین، دەسەڵاتیش خاوەن مافە و ئەرکی لە سەرشان نییە.

ئاشکرایە ئەم تێگەیە بۆ دەستوور و یاسا و مافی تاك و کۆمەڵگا لەسەردەمانێکی کۆنەوە کاری پێکراوەو ئێستاش وەکو پاشخانێکی ئەقڵی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر زۆربەی کۆمەڵگاکان. بەڵام لەبەشێکی زۆری کۆمەڵگاکانیشدا ئەم چەمك و ئەقڵییەتە بەلاوە نراوە یان گومانین خراوەتە سەرو پیرۆزییان لەدەستداوە، گومانی تێدانییە هەتا ئەو ئەقڵییەتە تێپەڕنەکرێت نە دەسەڵات و نەتاکی ئێمە دەتوانن بەشدارییەکی چالاك و دیموکراتییانە لەداڕشتنی دەستووردا بکەن،

ئەگەر بەشداریش هەبێت کارێکی رووکەشانە تێپەڕ ناکات. دەسەڵاتیش هەرچەندە باس لەسەروەری یاسا و داڕشتنی دەستووری دیموکراتی بکات، لەئەنجامدا ناخوازێت پیرۆزی خۆی لەدەست بدات و بەرپرسیارێتی ڕاستەقینە بەرامبەر جەماوەر نیشان نادات. مێژووی گەلانیش ئەوەیان سەلماندووە کەتێکۆشانی گەلان دەسەڵاتیان ناچارکردووە کە مل کەچی دەستووری دیموکراتی بێت و لەڕێگەی ئەو دەستوورەوە پەیوەندی دەسەڵات بگۆڕن بۆ پەیوەندییەکی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، نەك بەڕێوەبەر و بەڕێوەبراو، واتە ئەگەر تێکۆشانی گەلان نەبوایەو ئەو بنەما دەستووری ویاسا باوانەی ڕابردوو نەکەوتنایەتە ژێر لێپرسینەوەوە، بێگومان دەستوور بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ لە نیوەی وڵاتانی دنیادا هەیەو کاری پێدەکرێت دروست نەدەبوو. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە بزانین لەدەرەوەوی ئەو تێگەیەی کە باسمان کرد تێگەی تر هەیە بۆ دەستوور، ئەگەر نییە چی بکەین، ئەگەریش هەیە ئەوا چی تێگەیەکەو دەتوانێت ئەمڕۆ وەڵامی پێداویستییەکانی تاك و کۆمەڵگا و سیستەم بداتەوە لە ڕووی یاساییەوە؟ جێگەی دڵخۆشیە کە تێگەی تر هەیە و دەتوانین بە بەڵێ وەڵامی ئەم پرسە بدەینەوە، ئەو تێگەو چەمکەش سەرچاوەی خۆی لەو خاڵەوە دەگرێت کە پێی وایە مرۆڤەکان خۆیان دەتوانن بە پێی پێداویستییەکانی خۆیان دەستوورو یاسای خۆیان دابڕێژن و دەستوور و یاسا مرۆڤ پەیوەندیدار دەکەن و ئەویش بە پێی پێویستیەکانی خۆی چوارچێوەیان بۆ دابڕێژێت و نەدەسەڵات و نەهێزێکی تر ئەم مافەی نییە کە ئەم مافە لە مرۆڤەکان وەربگرێتەوە، ئەم تێگەیە پێی وایە کە دەسەڵات بەرپرسیارە لەبەرامبەر جەماوەرداو ئەگەر بەرپرسیارێتی خۆی جێبەجێنەکات پێویستە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت و هیچ دەسەڵاتێکیش ناکەوێتە سەروو یاساوە، واتە دەسەڵات چۆن خاوەن ماف و چواچێوەی دەستڕۆییە، بەهەمان شێوە کۆمەڵێك ئەرکی لەسەر شانەو لە لایەن دەستوورەوە بۆی دیاری دەکرێت. لەبەرامبەر ئەمەدا تاکەکانیش بەپێی دەستوور چۆن ئەرکیان لەسەر شانە، بەهەمان شێوە مافیشیان هەیە و هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت مافەکانیان لێوەربگرێتەوە. ئەم تێگەیە هەرچەندە لە ناوەڕۆکی زۆربەی تێکۆشان و سەرهەڵدانە مێژووییەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لەسەدەی هەژدەیەمدا بەتایبەتی لە (پەیمانی کۆمەڵایەتی) ژان ژاك ڕۆسۆدا فۆرمیلە بووە و پاشانیش لە شۆرشی فەڕەنسا و دامەزراندنی کۆماری فەڕەنسی و زۆر دەوڵەتی تردا ڕەنگی دایەوە، ئێستاش زۆر وڵات پەیڕەوی لەم بنەما فکرییە دەکەن.

ئێمە وەك گەلی کوردستان لەهەر گەلێکی تر زیاتر پێویستمان بە دەستوورێکی دیموکراتی هەیە، ئەمیش لەبەر دوو هۆکار، هەتا ئێستا کورد خاوەنی دەستوری نوسراو نەبووە، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئەوەی دەستوربۆخۆی دابڕێژرێت و لێرەوە بەدنیا رابگەیەنێت کە خوازیاری سەروەری یاساو جێبەجێ کردنی مافەکانی مرۆڤە، لە هەمان کاتیشدا لەرێگەی ئەم دەستورەوە ژیان و پەیوەندیە ژیانیەکانی خۆی رێکبخات، هەر بۆیە بەپێویستی دەزانم کە بەکورتیش بێت باس لە شێوازەکانی سیستەمی حوکمرانی بکەم، هەتا بتوانین باشترین سیستەمی حوکمڕانی بۆخۆمان هەڵبژێرین.

کاتێك باس لە جۆرەکانی حوکمرانی دەکەین، بەشێوەیەکی گشتی و بەپێی ئەو بنەمایانەی لەسەرەتاوە باسمان کرد، دووجۆر سیستەمی حوکمرانی هەیە کە ئەمانەن:

1. حوکمرانی رەها
2. حوکمی دەستوری

یەکەم: حوکمی دەستوری: لەم جۆرە سیستەمەدا سەرۆکی وڵات ئیتر پادشا دەبێت یاخود سەرکردەیەکی سەربازی یاخود مەدەنی، فەرمانرەوای تەواوی هەیە و دەکەوێتە سەرو دەستورەوە هیچ یاساو رێسایەك ناتوانێت کۆت وبەندی بکات، بەپێچەوانەوە هەرچی یاساو رێساش هەیە بەپێی خواست و پێویستی ئەو رێکدە خرێت، ئەم جۆرە سیستەمانە لەرابردودا زۆربون، بەڵام لەئێستادا ژمارەیان کەم بۆتەوە، ڕژێمی سەدام یەکێك بوو لەو رژێمانە.

دووەم: حوکمی دەستوری: لەم جۆرە سیستەمەدا دەستور هەیە و بەپێی دەستورهەڵسوکەوت دەکرێت، فەرمان رەواو دەسەڵات و کۆمەڵگاش تارادەیەکی زۆر پابەندی دەستور دەبن، ئەمیش بۆخۆی چەند شێوەیەکی هەیە، لێرەدابەکورتی باسی دەکەین .

1. رژێمی پاشایی دەستوری: لەم رژێمەدا پادشا و بنەماڵەی پادشا هەیە و بەپێی دەستورسیفەتێکیان دراوەتێ و بەو پێیە بەشداری ژیانی سیاسی وڵات دەکەن. ئەمیش رەنگی جیاوازی هەیە، پادشایی رەمزی، لێرەدا پادشا وبنەماڵەی پادشا

تەنیا رەمزی وڵاتن بەشداری بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات ناکەن، لەمەراسیم و بۆنە و ئاهەنگەکاندا بەشداری دەکەن، لەم جۆرە سیستەمەدا حکومەت و سەرۆکی حکومەت بەرپرسیارن لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، نمونەیئەم سیستەمەش وڵاتەکانی (بریتانیا، ئیسپانیا، دانیمارك)ە جۆرێکی تری پادشایی هەیە کەپادشا ناکاتە رەمز بەڵکو پادشا بەپێی دەستور لەسنورێکدایە بەشداری کارەکانی وڵات دەکات، چوارچێوەی دەسەڵاتی پادشاش لەدەستوری وڵاتێکەوە بۆ دەستوری وڵاتێکی تر دەگۆڕێت. واتە مەرج نیە لەو وڵاتانەی پادشا کاری وڵات بەڕێوە دەبات هەموویان یەك چوارچێوەیان بۆ دانرابێت، شتی هاوبەش ئەوەیە کە پادشا دەبێتە لوتکەی هەرەمی بەڕێوەبردن(ئوردن، سعودیە، کووەیت، بریتانیای پێش300ساڵ) و زۆر دەوڵەتی تر لەهەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەراست نمونەی ئەم شێوازەی بەڕێوەبردنن.

2. رژێمی کۆماری: کاتێك باس لە رژێمی کۆماری دەکرێت بەواتای سیستەمی گەل و ئەو سیستەمەیە کە رەوایی خۆی لە گەل وەردەگرێت، واتە ئێمە باس لەو رژێمانە ناکەین کەباسی کۆماری دەکەن یاخود ناوی خۆیان ناوە کۆماری، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناگەڕێنەوە بۆ جەماوەر، ئەو رژێمانەمان لەخانی یەکەمدا پۆلێن کرد. لێرەدا باس لەوسیستەمە کۆمارییانە دەکەین کەدەستور بۆ خۆیان دەکەنە بنەما و کاری پێ دەکەن. ئەمەش دوو جۆری سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:

1ـ سیستەمیکۆماری سەرۆکایەتی: لەم سیستەمەدا سەرۆکی کۆمار لەلایەن جەماوەرەوە هەڵدەبژێرێت و لەزۆربەی کاتەکاندا خاوەن دەسەڵاتی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ دەزگای دادوەری و حکومەتدا، زۆربەی کات دەسەڵاتێکی زۆری بۆ دیاری دەکرێت، ئەم سەرۆکە سەرۆکایەتی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن دەکات، راستەوخۆ یاخود لە رێگە سەرۆك وەزیرێکەوە کەزۆر کاریگەری نیە، بۆ نمونە سەرۆکی ئەمریکا بۆ خۆی سەرۆکایەتی حکومەت دەکات و دەسەڵاتەکانی لەدەستی خۆیدا کۆکردوەتەوە، لەفەرەنسا سەرۆك وەزیریش هەیە و بەڵام دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆکی کۆمارە.

2. سیستەمی کۆماری پەرلەمانی: لەم سیستەمەدا سەرۆکی کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێ و سەرۆك کۆمار سەرۆکێکی رەمزیە وبەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتدا ناکات و تەنیا وەك چاودێرە بەسەرکاروبارەکانەوە و لەبۆنەو یادەکان و مەراسیمەکاندا بەشدار دەبێت، لەم سیستەمەدا سەرۆك وەزیران کاروباری حکومەت بەڕێوەدەبات و پەرلەمانیش لەڕوی یاسایی وبڕیاردانەوە خاوەنی بڕیاری دواییە، بەمەش سەرۆك کۆمار لەبەر ئەوەی بەشداری کارەکانی دەوڵەت ناکات، دەتوانێت باشتر چاودێری کارەکانی دەوڵەت بکات، بەتایبەتی چاودێری حکومەت بکات، حوکمەت وسەرۆکی حوکمەتیش لەبەر ئەوەی کە لەلایەن پەرلەمان و سەرۆکی کۆمارەوە چاودێری دەکرێن ناتوانن زیادەڕۆیی بکەن، نمونەی ئەم سیستەمەش دەوڵەتی تورکیا ودەسەڵاتی ئەمرۆی ئێراقە .

لێرەوە ئەگەر سەیری ئەو رژێمانەی دەسەڵات بکەین وبەراوردێکیان بکەین، بەتایبەتی ئەو رژێمانەی لەرێگەی دەستورەوە رێکدەخرێن و دەستور بەبنەما دەگرن ، دەبینین باشترین رژێم رژێمی کۆماری پەرلەمانیە ، چونکە لێرەدا زیاتر رۆڵی پەرلەمان و جەماوەردەردەکەوێت وئەوەتا زۆربەی رژێمە دیموکراتیەکانیش بەرەو ئەومۆدێلە هەنگاو دەنێن. ئەوەی دیارە لیژنەی دارشتنی دەستوری هەرێمی کوردستانیش لەلایەك خواستویەتی ئەم مۆدێلە بکاتە بنەما و ناوی بەم شێوەیە لێکردووە، لەلایەکی تریشەوە کە گەیشتووەتە سەرۆکی هەرێم ئەوەندەی دەسەڵات پێ بەخشیوە کە لەسیستەمی سەرۆکایەتی هەندێ وڵاتیشدا نییە، هەروەها شێوازی هەڵبژاردنەکەشی دەستور و سیستەم دەباتەوە بۆ کۆماری سەرۆکایەتی، چونکەوەکو باسمان کرد ئەگەر سیستەم پەرلەمانی بێت ئەوا پێویستە سەرۆکی هەرێم پەرلەمان هەڵی بژێرێت و بەشداری بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی نەکات، بەڵام لەم پرۆژەیەدا سەرۆکی هەرێم جەماوەر هەڵی دەبژێرێت و سەرۆکی دەزگای بەڕێوەبردنیشە، بێگومان ئەمە بۆ خۆی تێکەڵاویە لە دەسەڵاتەکاندا، ئێمە دەتوانین ئەمە بکەینە دەستورو بەوپێیەش ژیان وسیستەم رێك بخەین، بەڵام ئەم جۆرە سیستەمە کەمتر دیموکراتە و لەزەمینەی وڵاتانی وەکو رۆژهەڵاتی ناویندا زەمینەی دەسەڵاتی رەها دروست دەکات، هەربۆ یە واباشترە کار بکەین بۆ ئەوەی سیستەمێکی کۆماری پەرلەمانی دابڕێژین هەتا بتوانین دارشتن و جێگیرکردنی سیستەمێکی دیموکراتی باشتر گەرەنتی بکەین.